له بەڵگەنامە پێشنیارکراوەکان بۆ کۆنگرەی دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

# مەنشوری سەربەخۆیی کوردستان

**(پێشنیارکراوی ئازاد جەوهەر، ئازاد مەجید، شەماڵ علی، عبداللە محمود، عوسمانی حاجی مارفو ڕێبوار ئەحمەد)**

**لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی عیراقدا، توندترین ستەمو هەڵاواردنو بێ مافیو پلەدوویی بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنراوە. ئەم پلەدووییو هەڵاواردنو ستەمە لەسەر بنەمای نەتەوەیی، ئاکامی ڕاستەوخۆی پێناسەکردنی دەوڵەتی عیراق وەکو دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی بووە. خەڵکی کوردستان لەو هەلومەرجەدا لە هەموو مافو ئیختیارێک بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان بێبەش کرابوون.**

**لەپاش جەنگی1991و ئاکامەکانی لە دانانی ناوچەی ئامنو جیابوونەوەی بەکردەوەی کوردستان لە عیراق، گێژاویکی سیاسی لە کوردستاندا کەوتەوە. ئەم ناوچەیە نە چیتر بەشێک بوو لە دەوڵەتێکو نە بۆ خۆشی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. دەسەڵات لەم ناوچەیەدا لە سایەی ئەم گێژاوە سیاسیەدا، دەسەڵاتێکی میلیشیایی-عەشیرەتی داسەپاوی حزبە ناسیۆنالیستە کوردیەکان بوو. لە ئەنجامی ئەوانەشدا دانیشتووانی کوردستان لە هەموو مافێکی هاووڵاتیبوون بێبەشکران.**

**ئاڵوگۆڕەکانی دوای جەنگی 2003و ڕووخانی رژێمی بەعس هەمان هەلومەرجی بە شیوازێکی تر درێژەپێدا. شکستی ستراتیجی ئەمریکاو هێزە هاوپەیمانەکانی بۆ سازدانەوەی دەوڵەت لە عیراقداو لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقێکی نقومکراو لە گێژاودا، کوردستانی وەک جاران هێشتەوە.**

**سەرەڕای هەوڵی ئەمریکاو هێزو لایەنە هاوپەیمانەکانی لەوانە حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانو باقی هیزە کۆنەپەرستەکان بۆ سازدانەوەی دەوڵەت لە سەربنەمای تەوافوقی حزبو هێزە قەومیو مەزهەبیەکان شکستی خواردووەو لە ئەنجامی ئەم شکستەشدا، ململانێیی قەومیو مەزهەبی قووڵ بووەتەوەو سیناریۆیەکی ڕەش پێکهاتووە. لکاندنەوەی کوردستان بە عیراقەوە لەم هەلومەرجەدا بە مانای مەترسی بەکێشکردنی بۆ ناو ئەو سیناریۆ ڕەشەیە.**

**بەڵام سەرکەوتنی ئەم هەوڵەش وەک شکستی تا ئێستای چارەسەری هەلومەرجی کوردستان ناکاتو وەڵام بە بێبەشی خەڵکی کوردستان لە مافی هاووڵاتیبوونو ئازادیە مەدەنیو سیاسیەکان ناداتەوە. سەرکەوتنی ئەم هەوڵە بە مانای ئەوەیە کە دەوڵەتی فیدرالی عیراق**

لەسەر بنەمای ڕیککەوتنو دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان گروپو دەستەو تاقمی قەومیو ئیسلامیو تائیفی دادەمەزرێت.

لەسایەی ئەو سیستەمەدا، مافە مەدەنیو سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی هاوڵاتیانی عیراق دەکەوێتە ژێر سێبەری مافە داتاشراوو بەگریمانگیراوەکانی نەتەوەو مەزهەبە جۆراوجۆرەکانەوە. هاوڵاتیان لەبری مامەڵەکردنیان وەک تاکی خاوەن مافو ئازادی بەسەر ئایدێنتیتی جۆربەجۆری قەومی(ئیتنیکی)و مەزهەبیو تائیفیدا دابەشدەکرێنو لەسەر ئەم بنەمایە نوێنەریان بۆ دیاری دەکرێتو لە بەرامبەر یەکتردا ڕادەگیرێن. دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان گروپو هێزە ناسیۆنالیستو مەزهەبیو تائیفیو عەشیرەتیەکان لەسەر ئاستی عیراقدا مایەی داپۆشینی بێمافیو پەراوێزخستنو ژێرپێنانی بەکردەوەی ئازادی تاکەکانە لەسایەی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکاندا.

لەسایەی فیدرالیزمی قەومیدا لە کوردستان حوکمێکی میلیشیایی-حزبی کە تا ئێستا لەسەرکارە درێژەی دەبێتو جەماوەری خەڵکی کوردستان بەکردەوە لە مافی بەشداریکردن لە بڕیاردانی سیاسیدا بێبەش دەکرێن. مانەوەی کوردستان لەچوارچیوەی عیراقداو لە هەلومەرجێکدا کە دانیشتوانی کوردستان لەسەر بنەمای ئایدێنتیتی جیاوازیان لەبەرامبەر باقی خەڵکی عیراقدا ڕادەگیرێن، چارەنووسی ئەم خەڵکە دەداتە دەست حوکمی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان. پرۆسەی دامەزرانی دامودەزگای مەدەنیو قانوونی بۆ بەڕیوەبردنی کۆمەڵگای کوردستان پەکدەخات، بەم جۆرەش درێژە بەو گێژاوە سیاسیە دەدات کە لەساڵی 1991ەوە لە کوردستاندا پێکهاتووە.

مەرجی سەرەکی بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ باقی خەڵکی عیراق وەکو هاوڵاتی یەکسان بە مافی تەواوەوە لە چوارچێوەی عیراقدا بە ئاسودەیی بژین، بریتیە لە پەکخستنو هەڵوەشاندنەوەی ئەو پرۆسە سیاسیەی ئێستا، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سکیولارو غەیرەقەومی لە عیراقدا، جیاکردنەوەی دەسەڵاتو دامودەزگای ڕەسمی لە ئاینو ئایدێنتیتی قەومیو کردنی مەزهەبو ئایدێنتیتی قەومی بەکاری تاکەکان.

بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا، لە سایەی سیناریۆی ڕەشدا، هەروا لە سایەی هەوڵو تەقەلا بۆ جێخستنی سیستەمی فیدرالی قەومیو مەزهەبیدا -جا چ ئەم هەوڵە وەک تا ئێستا بووە شکست بهێنێت یاخود ئەگەر لە ئایندەدا جێبکەوێت-و لە نادیاری ئاسۆیەک بۆ هاتنەکایەی دەوڵەتێکی غەیرەقەومیو سکیولار لە عیراقدا، مانەوەی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا بە مانای بێبەشکردنی خەڵکی کوردستانە لە مافە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیبوون. هیشتنەوەی زەمینەی کێشەو ململانێی قەومیە لە ناوچەکەداو سەرەنجام بەربەست دروستکردنە لەبەردەم گەشەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو بەدیهێنانی ئازادیو بەختەوەری بۆ دانیشتوانی کوردستان. تەنها ڕیگای کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە لەهەلومەرجی ئێستاداو لە مەدای بینراودا جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتە لەم ناوچەیەدا.

<u>هەربۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەم بەیاننامەیە، مەنشوری سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنێتو خەبات بۆ جیاکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیرە</u>

__قەومیو سکولار وەکو یەکێک لە سیاسەتە سەرەکیەکانی دەخاتە دەستورەوەو بە هەموو توانای بۆ جێبەجێکردنی تێدەکۆشێت.__

–دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتێکی غەیرە قەومیە (غەیرە ئیتنیکیە)، دەوڵەتی هیچ نەتەوەیەکو ئیتنیکێک نییە. هیچ ئیمتیازێک بۆ هیچ نەتەوەیەکو ئیتنیکێک لەسەر حیسابی نەتەوەی ترو ئیتنیکی تر لە کوردستاندا نییە. زمانی ڕەسمی ئیجباری لە کوردستاندا قەدەغەیە. دەوڵەت دەتوانێت لە نێو زمانە بەکارهاتووەکان یەکێکیان، یان زیاتریان وەک زمانی سەرەکی دیاری بکات. دەوڵەت دەبێت ئیمکاناتی پێویست بۆ خوێندنو بەکارهێنانی هەموو ئەو زمانانەی لە کوردساتاندا قسەی پێدەکرێت فەراهەم بکات. سەبتکردنی ئینتیمای نەتەوەییو ئیتنیکی هاوڵاتیانی کوردستان لە تۆمارە ڕەسمیەکاندا قەدەغەیە. ئینتیمای نەتەوەییو ئیتنیکیو کولتوری کاری تایبەتی تاکەکانی کوردستانە.

–دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتێکی سکیولارە، لە کوردستاندا ئاین لە دەوڵەتو هەموو دامودەزگا ڕەسمیەکان، لە یاساو ڕێساو خوێندنو پەروەرد جیایە. ئاین کاری تایبەتی تاکەکانی کوردستانە. تاکەکان ئازادن هەر ئاینیکیان ببێت یان هیچ ئاینێکیان نەبێت. هیچ ئیمتیازێک بۆ هیچ ئاینێک نییەو ئیمکاناتی کۆمەڵگا ناخرێتە خزمەت هیچ دامودەزگایەکی ئاینیەوە. سەبتکردنی ئینتیمای ئاینی لە تۆمارە ڕەسمیەکاندا قەدەغەیە.

لە سایەی دەوڵەتی کوردستاندا:

- ژنو پیاو لە تەواوی مافو ئازادیەکاندا بەرابەرن، هەر یاساو ڕێسایەک لە کوردستان کە پێچەوانەی ئەم پرنسیپە بێت ڕێگەپێدراو نییە.
- هاوڵاتیانی کوردستان، بێ لەبەرچاوگرتنی بیروباوەڕ، ڕەگەز، نەژاد، ئاین، زمان، ئیتنیکو تەبەعیەت لە هەموو مافیکدا یەکسانن.
- ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی، بیروباوەڕ، دەربڕین، چاپەمەنی، کۆبوونەوە، ڕێکخراوبوون، تەحەزوبو مانگرتن زەمانەت کراوە.
- سزای ئیعدامو سزای زیندانی تاهەتایی هەڵوەشاوەیەو قەدەغەیە.
- بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو تاکێکی ئامادە بۆ کار لە سەروو 16 ساڵەوە دابینە. بیمەی بێکاری تەسەلو خەرجی پێویست بۆ کەسانێک کە بە هۆی کەمئەندامی جەستەییو یان دەروونی توانای کارکردنیان نییە دابینە.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان لە پێناوی عەمەلی کردنەوەی ئەم بەیاننامەیەدا خەبات دەکاتو جەماوەری خەڵکی کوردستانو هەموو هێزە ئازادیخوازەکان بۆ هاتنەمەیدان بۆ بەدیهێنانی ناوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە بانگەواز دەکات.